# گەشتیاری لە شارێک کە بۆی پێشڕوو ئەدات



شاری سنە کە وەک بەهەشتی بچوکی ڕۆژئاوای وڵات دەناسرێ لە پارێزگای کوردستان لە باکوری ڕۆژئاوای ئێران هەڵکەوتوە. سەرسەوزی و سەرزیندوویی سنە لای هەموو کەسێک و هەموو شوێنێک ناوی دەرکردووە، هەر ڕێبوارێک کە سەردانی ئەم شارە ئەکات دان بە خوێن گەرمی و دڵپاکی و گەرم و گوڕی خەڵکی ئەم شارە دەنێت. دیاریەکانی شاری سنە لە سەنعەتە دەستکردەکان بگرە تا شیرینی و خواردەمەنیەکانی زۆر دڵخوازە. چێشتە خۆماڵیەکانی سنە بەڕاستی بە تامن و لایەنگری زۆری هەیە. جیا لە هەموو ئەمانە شاری سنە پڕ لە بینای پێشڕوویی و سەرنجڕاکێش و جوانە بە شێوەیەک کە چ لایەنگرانی هونەر و چ کەسانی ئاسایی دڵخۆش ئەکات. یەکێ لە بینا پێشڕوویەکانی سنە کە وەک هێمای فەرهەنگ و هونەر و ڕەسەنایەتی و شوناسی خەڵکی کوردە "ئەمارەتی ئاسف"ە کە بە ناوی ماڵی کورد ناوی لێ دەبەن کە بەڕاستی ناوێکی بە جێگە و شیاو بۆ ئەم شوێنەیە. ماڵی کورد موزەی خەڵکناسی کورد و هەروەها گەورەترین موزەی خەڵکناسی لە ئێرانە کە یەک نەتەوەی تایبەت (نەتەوەی کورد) دەناسێنێت، لەم ماڵەدە توانن لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کورد بناسن و لە ڕوانین لە ماڵەکە و ئەوەی لەوێدایە زۆر چێژ بگرن.

# موزەخانەی شاری سنە



ئەم ئەمارەتە لە کۆتاییەکانی سەردەمی قاجار دروست کراوە و لە ساڵی ١٩٧٦ی زایینی بوو بە مۆزەخانەی شاری سنە کە خاوەنی بەشی دێرینەناسیە، لە بەشی دێرینەناسی کۆمەڵێک لە شتومەکی کۆن لە سەردەمی پێش مێژوو تا سەردەمی قاجار دەپارێزرێ، گەچبڕی و ئاوێنەکاریەکانی ئەم ئەمارەتە کە بە شێوەی تەلارسازی ناوەندی ئێران ئەنجام دراوە نزیکەی ١٤٠ تەمەنی هەیە. ئەمارەتی سالار سەعید لە شوێنە سەرنج ڕاکێشەکانی مێژوویی سنەیە کە میوانانێکی زۆر ڕووی لێ ئەکەن.

ئەمارەتی خەسرەوئاوا یەکێ لە دەیان ئەمارەتی جوانی ئێرانە کە بە ژمارەی ١٤٩١ لە پێرستی ئاسەوارەکانی نەتەوەیی ئێران تۆمار کراوە و ئەمڕۆ یەکێ لە شوێنە گەشتیاریەکانی شاری سنە دێتە ئەژمار. بەشێکی زۆر لە ئەمارەتی خەسرەوئاوا نۆژین کراوەتەوە و ئەمڕۆ کە خاوەنایەتیەکەی لە دەستی ڕێکخراوی کەلەپووری فەرهەنگی و گەشتیاریە، هەر بەم بۆنەوە سەردانی بەشێکی زۆر لەم ئەمارەتە بۆ هەموان ڕەخساوە.

## ئەمارەتی خەسرەوئاوا



ئەمارەتی خەسرەوئاوا یەکێ لە دەیان ئەمارەتی جوانی ئێرانە کە بە ژمارەی ١٤٩١ لە پێرستی ئاسەوارە کانی نەتەوەیی ئێران تۆمار کراوە و ئەمڕۆیەکێ لە شوێنە گەشتیاریەکانی شاری سنە دێتە ئەژمار. بەشێکی زۆر لە ئەمارەتی خەسرەوئاوا نۆژین کراوەتەوە و ئەمڕۆ کە خاوەنایەتیەکەی لە دەستی ڕێکخراوی کەلەپووری فەرهەنگی و گەشتیاریە، هەربەم بۆنەوە سەردانی بەشێکی زۆر لەم ئەمارەتە بۆ هەموان ڕەخساوە.

## کێوی ئاویەر



کێوی ئاویەر (بە فارسی: آبیدر) بە هەورامی (ئاویەرە) کێوێک بە بەرزایی ٢٥٥٠مەتر لە ئاستی دەریایە کە لە زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس لە ڕۆژئاوای ئێران هەڵکەوتوە. کێوی ئاویەر کە بە سەر شاری سنە ناوەندی پارێزگای کوردستان زاڵە ژمارێکی زۆر کانی و سەیرانگای هەیە کە هەندێ لەوانە بریتین لە: پارکی کودەک، ئەمیریە، ئەمانیە، خێیرەزنە، حەوت ئاسیاو، ماماتکە، کانی شەفا، کانی بانتا، کچک قبران، کوێنزە کوێر، بان شێلانە، تا قەدار و لووتکەی ئاویەر کە پەناگایەکیش لەوێ بۆ شاخەوانان دروست کراوە.

ئەوەی کە بوەتە هۆی خۆشەویستی لایەنگرانی ئەم کێوە نزیکی بە شاری سنە، بەرز بوون لە چاوتەپۆڵکەکانی دەوروبەری خۆی و لە هەمووی گرینگتر بوونی کانی زۆر لەوێدایە، لەڕاستی داوشەی ئاویەر بە واتای شوێنێکی پڕ ئاو هەر لەمەوە وەرگیراوە.

نزیکی ئەم کێوە بە شار لە ئاستێکدایە کە لای خواری ئەم کێوە خانوبەرە ساز کراوە و ئێستەش هەر بەردەوامە، کەسانێکی زۆر (بە تایبەت لە کاتی پشوودان) سەردانی سەیرانگاکانی ئەکەن و لە دیمەنی شاری سنە چێژ ئەگرن.

لەڕاستیدا ئاویەر لە دوو لووتکە بە ناوەکانی ئاویەرە بچووک و ئاویەرە گەورە پێکهاتووە، بەرزایی ئاویەرە گەورە ٢٥٥٠ مەتر لە ئاستی دەریایە و بەرزایی ئاویەرە بچووک ٢٣٥٠ مەترە لە سەرتەختایی لووتکەی ئاویەرە بچووک پەناگایەک بۆ شاخەوانان دانەزراوە و ئێستە خەریکی دانەزراندنی تەلەکابین لە پارکی کودەک بۆ لووتکەی ئەم کێوەن.

## ماڵی کورد




ماڵی کورد یەکێ لە کۆنترین ئەمارەتەکانی شاری سنەیە و بەپێی بەڵگەکان و شێوەی تەلارسازی ڕەنگە بنیاتنانی سەرەتایی بەشی باکوری ئەم ئەمارەتە کە کۆنترە سەر بە سەردەمی سەفەوییە بێت، بەشەکانی دیکە لە سەردەمی قاجار و سەرەتای پەهلەوی بە کۆتایی گەیشتوە، کۆی ئەو بیناکانی ئەم ئەمارەتە ٤٠٠٠

مەتری چوارگاوش لە سەر زەوی و ماڵە و جگە لە سەر دەرگاو داڵانی هاتنە ژوور و ژووری دابەش کردنی ئاو، ٤ حەوشەی تێیدایە کە بریتین لە حەوشەی دەرەوە، حەوشەی ناوەوە، حەوشی خزمەتکاران و حەوشی چێشتخانە کە جوانی هەرکامیان زۆر سەرنجڕاکێشە.

هەندێ لە شوێن و ژوورەکانی ماڵی کوردبریتین لە نیگارخانە و حەوشەی هاتنە ژوور، حەمام، ژوورەکانی ژیانی شاری، مەکتەبخانە، فەرش چنین، بەڕەوە دارییەکانی ماڵ و ستاپی پەزادیان، ژوورەکانی پیشە و سەنعەتەکان، بەشی بەڵگەنامە و وێنە پێشوویەکان، ژووری خان، بەشی جلوبەرگ، بەشی زێڕ و زەنبەر، بەشەکانی هونەرە دەستکردەکان، ژوورەکانی ژیانی لادێیی و ناوەندی بەڵگەکانە.

